# تێگەیشتنی پەیامنێران بەرانبەر ڕادەی جێبەجێکردنی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاریی ژمارە (١١) ساڵی٢٠١٣ لە هەرێمی کوردستاندا (تویژینەوەیەکی وەسفییە)

م. ی. گەشاو عەلی فەرەج

بەشی تەکنیکی میدیا/ کۆلیژی کارگێڕی/
زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر

**پوختە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە جێبەجێکردنی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاریی ژمارە(١١) ساڵی(٢٠١٣) و پراکتیزەکردنی یاساکە لە هەرێمی کوردستان و پاراستنی مافی میدیاکاران بەتایبەتی (پەیامنێران) لە پیادەکردنی یاسای ناوبراو. ئەم توێژینەوەیەدا لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکانە و میتۆدیی ڕووپێویی بەکار هاتووە، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێک هاتووە لە سەرجەم پەیامنێرانی دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان، نموونەی توێژینەوە بریتییە لە (٧١) پەیامنێر کە بە شێوەی ناهەڕەمەکیی مەبەستدار لە ڕێگەی لینکەوە فۆرمی ڕاپرسییەکەیان بە شێوەی ئەلیکترۆنییەوە بۆ نێردراوە.

گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، بریتییە لەوەی کە یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاریی ژمارە (١١) ساڵی (٢٠١٣) وەکوو پێویست جێبەجێ نەکراوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی پەیامنێران نەتوانن دەستیان بگاتە ئەو زانیارییە گرنگانەی پێوەستن بە خەڵک و بەرژەوەندیی گشتییەوە.

کلیلە وشە: پەیامنێر، یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری، هەرێمی کوردستان.

پێشەکی:

لــە هەرێمــی کوردســتان کــە ئێســتە بــە قۆناغــی گــوزەر بــەرەو دیموکراســیدا تێپــەڕ دەکات، تــا دێــت خواســت لەســەر زانیــاری فرەوانــتر دەبێــت و کار دەکرێــت بــۆ ئــەوەی زانیارییــەکان لــە شــوێنە نهێنییەکانــەوە ئاشــکرا بکرێــن و بخرێنــە بــەر دیــدی جەمــاوەرەوە، کۆمەڵێــک هــۆکار لــە پشــت ئــەو خواســتەوەیە، ســەرەکیترینیان ئەوەیــە کــە ڕووناکبیــر و ڕۆشــنبیران گەیشــتوونەتە ئــەو بــاوەڕەی هەرگیــز کوردســتان بەبــێ بوونــی هاووڵاتییــەک کــە زانیاریــی ڕاســت و دروســتی لــەلا نەبێــت، ناتوانــێ شــەفافییەت پێــڕەو بــکات و کار بــۆ بنبڕکردنــی گەندەڵــی بــکات؛ چونکــە لــە ژینگەیەکــی کــراوە و پــڕ لــە زانیاریــدا هاووڵاتییــان دەتوانــن بۆچوونەکانــی خۆیــان بەشــێوەیەکی واقعییانــە لەســەر مەســەلە جیاجیــاکان گەڵاڵــە بکــەن، بــە پێچەوانــەوە لــە ژینگــە داخــراو و تاریکەکانــدا، بێمتمانەیــی بەســەر پێوەندییەکانــدا زاڵ دەبێــت و بڕیارەکانیــش لەســەر بناغەیەکــی نادروســت دەدرێــن.

ئــەم توێژینەوەیــە دەیەوێــت تیشــک بخاتــە ســەر مافــی بەدەســتهێنانی زانیــاری و چ ڕۆڵێکــی هەیــە لــە پێشخســتنی کۆمەڵگــەکان و ســەقامگیرکردنی ژیانــی دیموکراســی. ئــەو یاســایەی لــە هەرێمــی کوردســتاندا هەیــە بــۆ پیادەکردنــی مافــی بەدەســتهێنانی زانیــاری تــا چ ڕادەیــەک کارئاســانی کــردووە بــۆ پەیامنێــران لــە دەستڕاگەیشــتنیان بــە زانیارییــەکان و گواســتنەوەی بــۆ جەمــاوەر.

ئــەم توێژینەوەیــە ســێ بــەش لەخۆدەگرێــت، بەشــی یەکــەم تایبەتــە بــە متیۆدنامــە و چوارچێــوەی گشــتیی توێژینەوەکــە، کــە کێشــەی توێژینــەوە و ئامانــج و گرنگیــی توێژینــەوە و پرســیارەکانی توێژینــەوە و کۆمەڵگــە و نموونــەی توێژینەوەکــە و تاوتوێکردنــی توێژینەوەکانــی پێشــوو لەخــۆ دەگرێــت. بەشــی دووەم تایبــەت کــراوە بەلایەنــی زانیاریــی نامــەی توێژینەکــە و بــاس لــە مافــی بەدەســتهێنانی زانیــاری و ئازادیــی ڕادەربریــن کــراوە، بەشــی ســێیەمیش تایبەتــە بەلایەنیکــردنی نامــەی توێژینەوەکــە و شــیکردنەوەی داتــا بەدەســتهاتووەکانی توێژینەوەکــە خراونەتــە ڕوو، لەکۆتاییــی توێژینەوەکەشــدا دەرئەنجــام و پێشــنیاز و ســەرچاوەکان خراونەتــە ڕوو.

بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە:

١) کێشەی توێژینەوە:

کێشــەی ئــەم توێژینەوەیــە خــۆی لــەو تەمومــژ و ناڕوونییــە دەبینێتــەوە کــە هەیــە ســەبارەت بــە ئاســتی پێڕەوکردنــی یاســای مافــی بەدەســتهێنانی زانیاریــی ژمــارە (١١) ســاڵی (٢٠١٣) و ڕادەی جێبەجیکــردن و ڕێگریکــردن و ئاســتەنگەکانی بــەردەم پەیامنێــران لــە دەستڕاگەیشــتن بــە ســەرچاوەکانی زانیــاری و بەدەســتهێنانی ئــەو زانیاریانــەی خزمــەت بــە بەرژەوەندیــی گشــتی دەکــەن.

٢) گرنگیــی توێژینەوەکــە: دەکــرێ لــە دوو ڕەهەنــدەوە گرنگیــی ئــەم توێژینەوەیــە بخەینــە ڕوو:

١- لــە ڕووی زانســتییەوە, هەوڵدانــە بــۆ تیشــک خســتنە ســەر ئاســتەنگەکانی مافــی بەدەســتهێنانی زانیــاری لای پەیامنێــران لــە هەرێمــی کوردســتان، وەک مافێکــی ســەرەتایی و گرنگــی هاووڵاتییــان بــە گشــتی و پەیامنێــران بــە تایبەتــی. هەروەهــا خســتنەڕووی کاریگەرییــە نەرێنییەکانــی دروســتکردنی بەربەســت لــە پیادەکردنــی مافــی بەدەستهێنانی زانیــاری.

٢- لــە ڕووی پراکتیکیــەوە، ئــەو زانیارییــە تیۆریانــە لــە توێژینەوەکــە ئاماژەیــان پــێ کــراوە یاخــود هەڵســەنگاندن و تێڕوانینــی پەیامنێــران بــۆ بوونــی ئاســتەنگ لــە بەدەستهێنانی زانیارییــەکان، دەکــرێ ســوودی لــێ وەربگیــرێ لــە چارەســەرکردنی کەموکوڕییەکانــی جێبەجیکردنــی یاســای ژمــارە (١١)ی مافــی بەدەستهێنانی زانیــاری لــە هەرێمــی کوردســتان. ئــەم تویژینەوەیــە چەنــد گرنگــە بــۆ پەیامنێــران و میدیــاکاران بــە ئاشــنابوونیان بــە بوونــی مافــی بەدەســتهێنانی زانیــاری و ئاســتەنگەکانی بەردەمیــان، لــە هەمــان کاتتــدا زانینــی پێــوەر و بنەماکانــی یاســای مافــی بەدەستهێنانی زانیارییــەوە ڕەچاوکردنیــان لــە ژینگــەی میدیاییــی هەرێمــی کوردســتاندا.

٣) پرسیارەکانی توێژینەوە:

١- تــا چ ڕادەیــەک مافــی بەدەســتهێنانی زانیــاری بــۆ پەیامنێــران فەراهــەم کــراوە لەژێــر ڕۆشــنایی یاســای ژمــارە (١١) ســاڵی (٢٠١٣) بــۆ مافــی بەدەســتهێنانی زانیــاری لــە

هەرێمــی کوردســـتان؟

٢- ئـەو پاسـاو و ڕێگرییانـە کامانـەن لەبـەردەم پەیامنێـران لە گەیشـتنیان بـە سـەرچاوەکانی زانیـاری لـە هەرێمی کوردسـتان؟

٣- تـا چ ئاسـتێک ڕێگـری بـۆ پەیامنێـران دروسـت کـراوە لـە بەدەسـتهێنانی زانیـاری لـە هەرێمـی کوردسـتاندا؟

٤) ئامانجی توێژینەوە:

وەک زانینـــی ئاســـتی مافـــی بەدەســـتهێنانی زانیـــاری لای پەیامنێـــران لەژێـــر ڕۆشـــنایی یاســـای (مافـــی بەدەســـتهێنانی زانیاریـــی ژمـــارە (١١) ســـاڵی ٢٠١٣ لـــە هەرێمـــی کوردســـتان) ڕادەی پاسـاو و بەربەسـتەکانی بـەردەم جێبەجێکردنـی یاسـاکە دیـــاری دەکات، هەروەهـــا زانینـــی ئاســـتەنگ و پاســـاوی ڕێگرییەکانـی بـەردەم پەیامنێـران لـە گەیشـتن بـە سـەرچاوەی زانیارییـــەکان.

٥) جۆر و میتۆدی توێژینەوە:

توێژینەوەیەکـــی وەســـفیی شـــیکارییە، لـــە ڕێگـــەی بەکارهێنانـــی میتـــۆدی ڕووپێوییـــەوە، توێـــژەر هەوڵـــی داوە زانیاریـــی ورد و دروســـت لەســـەر ئاســـت و ڕادەی مافـــی بەدەســـتهێنانی زانیاریـــی لای پەیامنێـــران لـــە هەرێمـــی کوردسـتان کـۆ بکاتـەوە، لـە ڕێگـەی وەرگرتنـی ڕای ژمارەیەکـی دیاریکـــراو لـــە ســـامپڵی کۆمەڵگـــەی توێژینەوەکـــە.

٦) کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە:

کۆمەڵگـەی ئـەم توێژینەوەیـە لـە ژمارەیـەک پەیامنێـری دامەزراوەکانـی میدیـا لـە هەرێمـی کوردسـتان پێـک هاتـووە، سـامپڵی بەشـێوەی ناهەڕەمەکـی مەبەسـتدار وەرگیـراوە، کـە بریتیـی بـووە لـە (٧٦) پەیامنێـر، کـە بەشـێوەی ئەلیکترۆنـی وەڵامـی پرسـیارەکانی فۆرمـی ڕاپرسـییان داوەتـەوە.

٧) ئامرازەکانی توێژینەوە:

بـۆ بەدەسـتهێنانی زانیاریـی ورد وگەیشـتن بـە ئامانجەکانـی توێژینەوەکـە، (فۆرمـی ڕاپرسـی) بـەکار هاتـووە  کـە ئامرازێکـی گرنگـی کۆکردنـەوەی زانیارییـە بـە تایبەتـی لـە توێژینـەوەی وەسـفیدا، بـە سـوودوەرگرتن لـە توێژینەوەکانـی پێشـوو، هەروەهـــا تێبینـــی و ســـەرنجی پســـپۆرانی میدیـــا وەک هەڵسـەنگێنەرانی فۆڕمەکـە، بـۆ ئـەو مەبەسـتە فۆڕمێکـی (٢٠) بڕگەیـی دابـەش کـرا بەسـەر سـامپلی توێژینەوەکـەدا.

٨) سنووری توێژینەوە:

سـنووری مرۆیـی: لـە پەیامنێرانـی دامـەزراوە میدیاییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان پێـک هاتـووە.

سـنووری کات: ئـەم توێژینەوەیـە لـە نێـوان ٢٠٢٣/٩/١ تـا ٢٠٢٣/١٢/١ ئەنجـام دراوە.

سـنووری شـوێن: لـە چوارچێـوەی دامـەزراوە میدیاییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان ئەنجام دراوە.

٩) ئاستەنگەکانی توێژینەوە:

ســـەرەکیترین گرفتـــی بـــەردەم ئـــەم توێژینەوەیـــە، ئامادەنەبوونـــی وەڵامدانـــەوەی پرســـیارەکانی توێژینەوەکـــە بـــوو لەلایـــەن ســـامپڵی تایبـــەت بـــە کێشـــەی توێژینەوەکـــە بـــە پاســـاوی پابەندبوونیـــان بەبنەمـــا و ڕێنماییـــی کاری ئـــەو دامـەزراوە میدیاییـەی کاری لـێ دەکـەن بـە ڕێگـە پێنەدانیـان لـــە دەربڕینـــی ڕای کەســـی.

بەش دووەم - تەوەری یەکەم :

یاسـای مافـی بەدەسـتهێنانی زانیـاری، پەیامنێـر، هەرێمـی کوردسـتان.

١:٢ چەمکەکانی توێژینەوەکە:

تویـــژەر، دیاریکـــردن و پێناســـەکردنی چەمـــک و زاراوەی نـــاو توێژینەوەکـــە بـــە پێویســـت زانـــی تـــا لای خوێنەرانـــی توێژینەوەکـــە ڕوون بێـــت کـــە پێـــک هاتـــوون لـــە: مافـــی بەدەســـتهێنانی زانیـــاری، پەیامنێـــر، هەرێمـــی کوردســـتان.

١-  بەدەسـتهێنانی زانیـاری: کـە بـە مافێکـی بنەڕەتـی تـاک و کۆمەڵگـە دادەنرێـت، لـە بەدەسـتهێنانی هـەر زانیارییەکـی گشـتی و پێوەنـدار بـە کـۆی کۆمەڵگـە (علاءموسـی, ٢٠٠٩, ل١٧١).

٢- چەمکـی مـاف: مـاف بریتییـە لـەو بەرژەوەندییـەی کـە یاسـا پاسـەوانێتی دەکات (حسـن کیـرة, ٢٠١٢, ل٤٣١).

- پێناسەی ماف لە چەند فەرهەنگێکی جیاوازدا:

* مـاف: زانینێکـە لـە فۆرمێکـدا بـە کەسـێک دەدرێـت کـە تـێ بـگات. (فەرهەنگـی المنجـد)

* مـاف: هەواڵـە یـان لێکۆڵینەوەیـە یاخـود هەرشـتێک کـە دەبێتـە هـۆی ئاشـکراکردنی ڕاسـتییەکان و ڕوونکردنـەوەی کاروبـارەکان. (فەرهەنگـی لاروس)

٣- چەمکـی زانیـاری: هەمـوو ئـەو شـتانەیە کـە مـرۆڤ دەربـارەی بابەتێـک، پرسـێک، ڕووداوێـک دەیزانێـت یاخـود دەیـەوێ بیزانێـت. (رحیمـة عیسـانی, ٢٠٠٨,ل٢٠).

* ئینسـیکلۆپیدیا: چەمکی زانیـاری واتـە، زانیاریـی مانـاداری ئـەو داتـا داڕێژراوانـە دەگەیەنێـت کـە ئامانجـدارن بـۆ ئـەوەی ببنـە بنەمایـەک بـۆ بڕیـاردان یـان زەمینەسـازی بـۆ پڕۆسـەی بڕیـاردان دەکـەن.

٤- پەیامنێـر: ئـەو ڕۆژنامەوانەیـە ڕەوانـەی دەرەوەی سـنووری چـەق و مەڵبەنـدی ئـەو شـارە یـان ئـەو وڵاتـە دەکرێـت کـە دامـەزراوە میدیاییەکـەی تێدایـە، یاخـود خـۆی دانیشـتووی ئـەو جوگرافییـە دەرەکییـە، یاخـود ئەوانـەن لـە شـارەکانی دیکـەی هەمـان وڵاتـدان یـان لـە هەمـان ئـەو شـارەی دامـەزراوە میدیاییەکـەی لێیـە (حبیـب کرکوکـی, ٢٠١٨، ل١٨).

لـە پێناسـەیەکی دیکـەدا پەیامنێـر: بـەو میدیـاکارە دەوترێـت کـە زانیـاری دەربـارەی هـەر بابـەت و کێشـە و ڕووداوێـک دەگوازێتـەوە بـۆ جەمـاوەر لـە شـوێنی ڕووداوەکـەوە، بـە بەکارهێنانـی ئامێـری دەنـگ و هاوتەریـب لەگـەڵ وێنەیەکـی گونجـاو، وردەکاری و لایەنـە شـاراوەکانی زانیارییـەکان دەگەیەنێتـە جەمـاوەر (Herbrt Strnz, p٤٧).

٥- یاسـا: چەمکـی یاسـا بە زمانی ئینگلیـزی، ( Law) کۆمەڵـە ڕێسـایەکە کـە لەلایـەن دەسـەڵاتێکی فەرمانـڕەواوە بـۆ ڕێکخسـتنی ڕەفتـاری مـرۆڤ لەنـاو کۆمەڵگەیـەک یـان نەتەوەیەکـدا جێبەجـێ دەکرێـت. مەبەسـت لـە یاسـا دابینکردنـی چوارچێوەیەکـە بـۆ چارەسـەرکردنی ناکۆکـی و پاراسـتنی ڕێکوپێکـی و پاراسـتنی مـاف و بەرژەوەندیـی تـاک و کۆمەڵگەیـە (Tamanaha,,p٢٠٢٢ Brian).

٢:٢- چەمـک و پێناسـی مافـی بەدەسـتهێنانی زانیـاری لـە ڕووی زمانەوانـی یـەوە:

چەمکـی مـاف لـە ڕووی زمانەوانـی یـەوە.. لە زمانـی عەرەبیدا بـە (الحـق)، لە زمانـی ئینگلیزیدا بـە (Right) هاتـووە، لـە ڕووی زمانەوانییـەوە چەنـد واتایـەک لەخـۆ دەگرێـت کـە باوترینیـان بـە واتـای (ڕاسـتی) هاتـووە. یاخـود وەک شـوێنی بەیەکگەیشـتنی بڕیـاردان و جیاکردنـەوەی هـەق لـە ناهـەق ئامـاژەی پـێ دراوە، هەندێکیـش واتـای ئـەو وشـەیەیان وەک زاراوە بـە زاراوەکانـی هـەق (صـواب)، دادوەری (عـدل) هاوتـا کـردووە. (محمـد فریـد, ٢٠٠٢, ل٤٩٣)

لە زمانـی ئینگلیزیدا بـە (The right to get access to information) و (Freedom information) دێت. لـە فەرهەنگـی زاراوەکانـی بەڵگەنامـەو ئەرشـیڤی (عەرەبـی- ئینگلیزی)یـدا، مافـی بەدەسـتهێنانی زانیـاری بـە مافـی بەئاگابـوون (حـق الاطـلاع) یاخـود (الحـق في الحصـول عـلى المعلومـات) عەرەبـی هاتـووە و پێناسـە کـراوە بـەوەی مافـی جەمـاوەرە ئـاگاداری بەڵگەنامـە ئەرشـیڤییە متمانەپێکـراوە گشـتییەکان و هەمـوو بەڵگەنامـە متمانەپێکراوەکانـی دیکـە بێـت، جگـە لەوانـەی بەپێـی یاسـای دیاریکـراو سـنووردارکراون و پارێزبەندییـان لەسـەرە. (احمـد سـعیفان، ٢٠١٠, ل١٣٩).

هەندێـک لـە بیرمەندانـی یاسـا بۆچوونیـان وایـە سـەرچاوەی مـاف ڕەنگدانـەوەی یاسـاکانی سروشـتە، و هەندێکـی دیکـە پێیانوایـە مـاف لـە یاسـا و ڕێسـاکانی خوداوەنـدەوە سـەرچاوەی گرتـووە، لـە بەرانبەریشـدا ڕایەکـی دیکـە هەیـە کـە سـەرچاوەی مـاف بـۆ ویسـتی خـودی مـرۆڤ گێڕدراوەتـەوە. دیدێکـی دیکـەش ڕای وایـە مـاف لـە ململانێـی دوو فەلسـەفەدا دەسـووڕێتەوە یەکەمیـان: پێداگـری لەسـەر (تـاک) دەکات لەمـاف و ئـەرک و بەشـداریکردنیدا و بـە ڕێبـازی تاکەکەسـی ناودەبرێـت و مافیـش بـە ڕەهـا دادەنێـت. دووەمیـان: مـاف لەچوارچێـوەی ڕێژەییـدا هەڵدەسـەنگێنێت و وابەسـتەی هەڵسـوکەوت و پێوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـی دەکات، ئـەم تێڕوانینـە جیاوازانـە وایـان کـردووە ئـەو چەمکـە چەنـد خەسـڵەتێکی جیـاواز لەخـۆ بگرێـت، وەک خەسـڵەتی فەلسـەفی، یاسـایی، ئایینـی و سیاسـی. (احمـد عـزت, ٢٠١١, ل٩).

سـەرباری ئەوانـەش ئـەم مافـە لـە کاری ڕۆژنامەوانیـدا بەنـدە بـە دوو ئاڕاسـتەوە:

یەکـەم: مافـە لـە نێـوان هاووڵاتـی و دەسـەڵات، دەتوانرێـت بـە مافـی بەدواداگـەڕان وەسـف بکرێـت، کـە ئاگاداربوونـی هاووڵاتـی و ڕۆژنامەوانـە لـە زانیارییـە فەرمییەکانـی دامەزراوەکانـی دەوڵـەت.

دووەم: مافـە لەنێـوان هاووڵاتـی و ڕاگەیاندنـدا کـە بـە مافـی وەرگرتـن وەسـف دەکرێـت لـە هەمانکاتـدا پێدانـی زانیاریـی ڕاسـت و دروسـتە بـە هاووڵاتـی لەلایـەن ڕۆژنامـەوان و پەیامنێـرەوە (حبیـب کرکـوک, ٢٠١٨، ل٣٦).

١-١: چەمکی مافی بەدەستهێنانی زانیاری:

مافـی بەدەسـتهێنانی زانیـاری یـان (مافـی زانیـن) یەکێکـە لـە مافـە سـەرەکییەکانی مـرۆڤ کـە دەشـێت بزانێـت و ئاگاداربێـت لـە هەمـوو ئەوانـەی ڕوودەدەن و دەگوزەرێت بەتایبـەت بـە ئاگابـوون لـەو زانیاریانـەی لـەلای دەسـەڵاتە گشـتییەکان پارێـزراون، هەروەهـا لـە جاڕنامـە و ڕێککەوتننامـە نێودەوڵەتییەکانیشـدا وەک مافێکـی سـەرەکی دانپێدانـراوە و لـە دەوڵەتانیـش پابەندکـراون کـە بـە یاسا ئـەو مافـە بـۆ هاووڵاتییانیـان دەسـتەبەر بکـەن (محمـد عـزت, ٢٠٠١، ل٢٩٣).

لـە پێناسـەیەکی دیکـەدا: مافـی بەدەسـتهێنانی زانیـاری مافێکـی سـەرەکی مرۆڤـە لـە کۆمەڵگـەی هاوچەرخـی زانیاریـدا, هەروەهـا پێناسـەکراوە بـەوەی بریتییـە لـە توانـای دەستڕاگەیشـتن بـەو زانیاریانـەی لەلایـەن دەوڵـەت و دەسـتە گشـتییەکان و هەنـدێ لـە دامـەزراوە تایبەتیـەکان پارێـزراوە و تایبەتـن بـەو چالاکیانـەی سـتراکتۆری حوکوومـەت لـە ناوخـۆو دەرەوە ئەنجامـی دەدات, بەتایبەتیـش ئـەو زانیاریانـەی هاووڵاتییـان بەمەبەسـتی بنیاتنانـی بیروبۆچـوون دەربـارەی پـرس و بابەتـی جیـاواز پێویسـتیان پێیەتـی و لێـی سـودمەند دەبـن، لەهەمانکاتـدا بەرپرسـیارێتی دەوڵـەت و دەسـتە گشـتییەکانە زانیارییـە جیاجیـاکان ئاشـکرا بکـەن و بڵاوبکەنـەوە لەکاتێکـدا ئەگـەر داواکاریـش لەلایـەن کـەس یـان لایەنێکـەوە بـۆ ئاشـکراکردنی ئـەو زانیاریانـە بوونـی نەبـوو (اشرف الراعـی, ٢٠١٢, ل٩٩).

٢:١- هەرێمی کوردستان - عێراق :

هەرێمـی کوردسـتان - عێـراق (اقلیـم کوردسـتان - العـراق) یەکەیەکـی سیاسـیی فیدراڵییـە، لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی عێراقـدا کـە پارێزگاکانـی هەولێـر، سـلێمانی، دهـۆک و هەڵەبجـە دەگرێتـەوە. پایتەختـی شـاری (هەولێـر) ە ڕووبەرەکـەی (٤٢) هـەزار کیلۆمەتـری چوارگۆشـەیە. لـە دەسـتووری هەمیشـەییی عێـراق دانـی پێـدا نـراوە کـە تێیـدا هاتـووە: ((ئـەم دەسـتوورە لـە کاتـی جێبەجێکردنـدا بڕیـار دەدات کـە هەرێمـی کوردسـتان و ئـەو دەسـەڵاتانەی بەڕێـوەی دەبـەن هەرێمێکـی فیدراڵییە)).(دەسـتووری عێـراق, ٢٠٢٥,ل٥٦)

-٣:٢ کورتـە مێژوویەکـی یاسـاکانی مافـی بەدەسـتهێنانی زانیـاری:

لـە چارەکـی یەکەمـی کۆتاییـی سـەدەی ڕابـردووەوە لـەو وڵاتانـەی کـە دیموکراسـیان کردووەتـە بنەمـای دەسـەڵاتدارێتی، ئـەم مافـە وەک مافێکـی ڕەوای سـەرەکی هاووڵاتییـان دانـی پێـدا نـراوە لـە زۆرینـەی دەسـتوور و بەڵگەنامەکانیانـدا گرەنتیـی پێدانـی زانیـاری بـە هاووڵاتییـان دراوە. بوونیـادی مافـی بەدەسـتهێنانی زانیـاری لەسـەر ئـەو گریمانەیـە بوونیـاد نـراوە کـە: «دەوڵـەت نـەک خـاوەن بەڵکـوو ئەمانەتـداری زانیارییەکانـە» بـەو مانایـە کـە لـە کۆمەڵگـە دیموکراتەکانـدا هاووڵاتییـان متمانەیـان بـە حوکوومەتـی خۆیـان هەیـە بـۆ ئـەوەی لـە بەرژەوەندیـی گشـتی و بەرژەوەندیـی ئەوانـدا زانیارییـەکان کـۆ بکاتـەوە و پۆلێنیـان بـکات (محمـد فریـد, ٢٠٠٢, ل٦٧).

جیمـز مادیسـون» چـوارەم سـەرۆکی ئەمریـکا لـە سـاڵی ١٨٢٢ یەکـەم کـەس بـوو باسـی لـە مافـی زانیـن کـرد، ئـەو یەکێـک بـوو لـە ڕێبـەرە سیاسـییەکانی ئەمریـکا، لـەو بـارەوە وتویەتـی:

«حوکوومەتێـک کـە خەڵـک هەڵـی بژاردبێـت، گـەر ئـەو زانیاریانـە کـە پێوەندییـان بـە بەرژەوەنـدی و کاروبارەکانـی ژیانـی خەڵکـەوە هەیـە ئاشـکرا نـەکات، ئـەوە سـەرەتایەکە بـۆ شـانۆگەرییەکی گاڵتەجـاڕی یـان شـانۆگەرییەکی تراژیـدی یـان هەردوکیانـە پێکـەوە" ئەگەرچـی ئـەم وتەیـەی مادیسـون زیاتـر لـە دوو سـەد سـاڵی بەسـەردا تـێ پەڕیـوە، بـەڵام تـا

دێــت زیاتــر ڕاســتییەکانی ئاشــکرا دەبــن.

لــە دەســتووری زۆرینــەی وڵاتانــدا، مافــی دەستڕاگەیشــتن بــە زانیارییــەکان بــە فەرمــی دانــی پــێ دانــراوە، ئــەم مافــە یــان بەشــێوەیەکی ڕاشــکاو و ئاشــکرا لــە دەســتوورەکاندا ڕەچــاو کــراوە، یاخــود هەنــدێ جــار لــە ڕاڤــەی دادگــەی بــاڵای دەســتووری وڵاتەکانــدا بــۆ ناوەڕۆکــی بەندەکانــی دەســتوور ئــەو مافــە بەڕەســمی دانــی پێــدا نــراوە، چونکــە ســەرەتاییترین بنەمــا لــە هــەر وڵاتێکــی دیموکراتیــدا ئەوەیــە کــە هاووڵاتییانــی بتوانــن لــە پــاڵ پەرلەمانــدا چاودێــر بــن بەســەر کارەکانــی حوکوومــەت و کاربەدەســتانی وڵاتــەوە، بێگومــان مەرجــی ئــەو کارە دەستڕاگەیشــتنی ئازادانــەی هاووڵاتییانــە بــە زانیارییــەکان لــە ڕێگــەی میدیــاوە (اشرف فتحــی, ٢٠١٢, پ٧٦).

لــە ســاڵی ١٧٦٦ ســوید وەک یەکــەم وڵات لــە جیهــان، یاســایەکی بــۆ ڕێکخســتنی ئازادیــی ڕادەربڕیــن - ئــازادی چــاپ و پەخــش دەرکــرد. ئــەو یاســایە لــە دوو بــەش پێــک هاتبــوو : هەمــوو کەســێک ئــازاد کــرا، ئــەوەی لــە مێشــکی هەیــە، بیخاتــە ســەر کاغــەز و بــڵاوی بکاتــەوە، هەروەهــا ڕا و دەربڕینــی خــۆی بــە ئــازادی لــە چاپەمەنــی بــڵاو بکاتــەوە. لــە ئێســتەدا یاســای ئازادیــی زانیارییــەکان بەشــێکی گرنگــی دەســتووری ســوید پێــک دەهێنێــت، بەپێــی ئــەو یاسایە هەمــوو هاووڵاتییەکــی ســویدی دەتوانێــت دەســتی بــە زانیارییەکانــی دامودەزگەکانــی حوکوومــەت بــگات. لــە یاســاکەدا ڕێکارەکانــی وەرگرتنــی زانیــاری و شــێوازی وەڵامدانــەوە و پەنابــردن بــۆ دادگــەکان و ئــەو زانیارییانــەی کــە ڕێگــە بــە بڵاوکردنەوەیــان نادرێــت دیــاری کــراوە. هەروەهــا کۆڵۆمبیــا دووەم وڵاتــە کــە لــە ســاڵی ١٨٨٨ یاســای مافــی بەدەســتهێنانی زانیــاری لەلایــەن پەرلەمانــەوە دەرکــراوە و دەستراگەیشــتن بــە بەڵگەنامــە و زانیارییــە دەوڵەتییــەکان بــە مافێکــی ڕەوای هاووڵاتییانــی خــۆی زانیــوە، تەنیــا لــەو کاتانــەدا نەبێــت کــە بــە یاســا ســنووردار کرابێــت. ئــەو یاســایە تــا ئێســتەش کاری پــێ دەکرێــت.

پاشــان فینلەنــدا ســێیەم وڵاتــە کــە لــە ســاڵی ١٩٥١ ئــەو یاســایەی دەکــرد، یاســاکە لەژێــر کاریگەریــی یاســای مافــی بەدەســتهێنانی زانیاریــی ســویددایە؛ چونکــە لــە ڕووی مێــژوو و کولتوورییــەوە هاوبەشــی هەیــە لــە نێــوان هــەردوو وڵاتــدا. ئەگەرچــی مێــژووی ئازادیــی ڕادەربڕیــن لــە ئەمریــکا دەگەڕێتــەوە بــۆ ســەرەتای دامەزراندنــی ئــەو وڵاتــە، بــەڵام وڵاتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا چــوارەم وڵاتــە کــە ئــەو مافــەی لــە ســاڵی ١٩٦٦ بــە هاووڵاتییانــی خــۆی بەخشــی.

لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا تــا ســاڵی ٢٠٠٧ ئیسرائیــل تاکــە وڵات بــوو کــە خاوەنــی یاســای مافــی بەدەســتهێنانی زانیــاری بــوو، بــەڵام لــە ســاڵی ٢٠٠٩ پەرلەمانــی شانشــینی ئــوردن وەک دووەم وڵاتــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت یاســایەکی هاوشــێوەی دەرکــرد. لــە وڵاتانــی ڕۆژهەڵاتــی ئەورووپــا وەک بەشــێک لــە پرۆســەی گــوزەر بــەرەو دیموکراســی، یاســای مافــی بەدەســتهێنانی زانیاریــان قەبــووڵ کــرد, زۆرێــک لــەو وڵاتانــە وەک جێبەجێکردنــی مەرجەکانــی چوونــە نــاو پەیمانــی ناتــۆ و یەکێتیــی ئەورووپــا ئــەو یاسایانەیان دەرکــرد وەک: وڵاتانــی ئەلبانیــا ١٩٩٩، بۆســنە و هەرزەگوڤــین ٢٠٠٠، بولگاریــا ٢٠٠٠. ئەســتونیا ٢٠٠٠ ڕۆمانیــا ٢٠٠١، گورجســتان، مەجەرســتان ٢٠١١، لیتوانیــا ١٩٩٦. سربیــا ٢٠٠٣، ســلۆڤاکیا ٢٠٠٢، کرواتیــا ٢٠٠٣، کۆســۆڤۆ ٢٠٠٣ ڕووســیا ٢٠٠٩، ئۆکرایــن ٢٠١١. (فرانشیســکا مارتونفــي وغابرییــال جایغــر/ ٢٠١٣).

بــەم جــۆرە دەکرێــت بڵێیــن جیهــان ئەمــڕۆ بــەرەو بەرقەرارکردنــی یاســای ئــازادی زانیــاری و دەستڕاگەیشــتنی هاووڵاتییــان بــەو زانیاریانــە هەنــگاو دەنێــت کــە تــا ڕادەیــەک لــە بــن دەســتی حوکوومەتدایــە، بــەڵام دەبــێ ئــەوە لەبەرچــاو بگریــن مــەرج نییــە بوونــی یاســای مافــی بەدەســتهێنانی زانیــاری ببێتــە هــۆی واڵاکردنــی دەرگــەی ســەرچاوەکانی زانیــاری، چونکــە لــە هەنــدێ وڵاتــدا هێشــتا کولتــووری شــاردنەوەی زانیــاری لەنــاو دەســەڵاتداراندا زاڵــە و بەرپرســان و ســەرچاوەی زانیارییــەکان ســەرپێچی دەکــەن لــە پێدانــی زانیــاری. لــەوەش زیاتــر چۆنیەتــی ڕاڤەکردنــی دادوەرەکان بــۆ ماددەکانــی یاســاکان وە پراکتیزەکردنیــان پــەک دەخــەن، لــە هەنــدێ وڵاتیشــدا ئــەو ناوەنــدەی کــە سەرپەرشــتی جێبەجێکردنــی یاســاکان دەکات دەکەونــە ژێــر گوشــار و هەڕەشــەی بەرپرســە باڵاکانــەوە و کارێــک دەکــەن بــوون و نەبوونــی یاســاکان وەکــوو یــەک بێــت.

بەشی دووەم- تەوەری دووەم :

١- مافی بەدەستهێنانی زانیاری و ئازادیی ڕادەربڕین:

مافـی بەدەسـتهێنانی زانیـاری بەشـێکی جیانەکراوەیـە لـە ئازادیـی ڕادەربڕیـن کـە لەدەقـی ڕێکەوتننامـە نێودەوڵەتیەکانـدا ڕێکخـراوەو دانـی پێدانـراوە, لـەم ڕوانگەیـەوە شـارەزایان ئازادیـی ڕادەربریـن بـە پایەیەکـی بنەڕەتـی کـۆی مافـە بەخشراوەکانی مـرۆڤ لـە ڕێککەوتننامـە نێودەوڵەتییەکانـدا دەزانـن و ئـازادی بەدەسـتهێنانی زانیاریـش بـە سـەنگی مەحەکـی هەمـوو ئازادییەکانـی دیکـەی مـرۆڤ دەزانـن (لیلـی عبدالمجیـد, ٢٠٠١, ل٥١).

مافـی زانیـن و بەئـاگا بوونـی جەمـاوەر بـە پێوەرێکـی گرنگـی ئاستی مـاف و ئازادیی ڕادەربریـن دادەنرێت, ئەمـەش لـە ڕاگەیاندراوێکـی هاوبەشـی هەریـەک لـە بریـاردەری نەتـەوە یەکگرتووەکانـی تایبـەت بـە ئازادیـی ڕادەربریـن و نماینـدەی ئـازادی میدیـا لـە ڕێکخـراوی ئاسـایش و هاریـکاری ئەورووپـا و نوێنـەری ڕێکخـراوی ئازادیـی ڕادەربرینـی وولایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا ئامـاژەی پێـدرا وتیایـدا هاتـووە: مافـی میللەتـە بـە ئـازادی دەسـتی بـە زانیارییـەکان بـگات و بزانێـت حوکوومـەت بـە نوێنەرایەتـی ئـەوان چـی دەکات, بەبـێ ئەمـەش ڕاسـتییەکان لاوازدەبـن و بەشـداری خەڵکیـش لـە حوکوومەتتـدا کـەم دەبێتـەوە, چونکـە ئازادیـی ڕادەربریـن و ئـازادی دەسـتکەوتنی زانیـاری دوو چەمکـی لێـک دانەبـڕاون و بـە بنەمـای سـستمی دیموکراسـی دادەنرێـت (شـوان ڕشـید, ٢٠١٠، ل٧).

٢- مافـی بەدەسـتهێنانی زانیـاری لـە بەڵگەنامـە نێودەوڵەتییەکانـدا:

بـۆ یەکـەم جـار ڕیشـەی مافـی بەدەسـتهێنانی زانیـاری, لـە بڕیـاری ژمـارە (٥٩)ی سـاڵی (١٩٤٦) لـە کۆمەڵـەی گشـتی نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە سـەرچاوەی گـرت لـە دەقەکەیـدا هاتـووە: ئـازادی گەیشـتن بـە زانیارییـەکان مافـی بنەڕەتـی مرۆڤـەو پێوەرێکیشـە هەمـوو ئازادییەکانـی دیکـەی پـێ دەپێورێـت, (ج, منیسـوتا, ل١٧).

پاشـان لـە سـاڵی (١٩٤٨) جاڕنامـەی جیهانـی مافـی مـرۆڤ لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەرکـرا, لـە بڕگـەی (٢) بەنـدی (١٩) لـە چوارچێـوەی مافـی ئازادیـی ڕادەربڕیـن, جەخـت لەسـەر مافـی بەدەسـتهێنانی زانیـاری کراوەتـەوە، هەروەهـا لـە پەیماننامـەی نێودەوڵەتـی بـۆ مافـە شارسـتانی و سیاسـییەکان لـە سـاڵی (١٩٦٦) ئامـاژەی بـە مافـی بەدەسـتهێنانی زانیـاری کـردووە لـە بڕگـەی (٢) مـاددە (١٩) هاتـووە: هەمـوو کەسـێک مافـی پێـڕەوی ئازادیـی ڕادەربرینـی هەیـە, ئـەم مافـەش ئـازادی گـەڕان بـە دوای زانیارییـەکان و بەدەسـتهێنانیان و بڵاوکردنەوەیـان بـۆ کەسـانی دی دەگرێتـەوە. (محمـود بسـیونی, ٢٠٠٣، ل٧٩).

ڕێکخـراوی (یونسـکۆ) لـە سـاڵی (١٩٤٨) ڕاگەیاندنێکـی بـڵاو کـردەوە تیایـدا جەخـت لەسـەر مافـی بەدەسـتهێنانی زانیـاری دەکات. پاشـان لـە سـاڵی (١٩٧٧-١٩٧٨) لـە کۆنگـرەی گشـتی ڕێکخـراوی ناوبـراو بەشـێوەیەکی فـرەوان جەخـت کرایـەوە لەسـەر مافـی بەدەسـتهێنانی زانیـاری، داوا لـە دەوڵەتـان کـرا کـە ئـەو مافـە بـۆ هاووڵاتییانیـان فەراهـەم بکـەن و هەلـی بەشـداریکردنی خەڵـک لـە پرۆسـەی بڕیـاردا برەخسـێنن, هەروەهـا ڕێکخـراوی پرۆگرامـی نەتەوەیەکگرتـووەکان بـۆ گەشـەپێدان لـە سـاڵی (١٩٩٧) سیاسـەتی ئاشـکراکردنی زانیارییـە گشـتییەکانی گرتەبـەر بەوپێیـەی کارێکـی بنەڕەتییـە بـۆ گەشـەپێدانی مرۆیـی, ئەمـەو چەندیـن ڕێکخـراوی نێودەوڵەتـی و ئاسـیای ناوەڕاسـت و هەرێمایەتـی بـەردەوام پەیماننامـە نـوێ دەکەنـەوە بـۆ پیادەکـردن و پاراسـتنی مافـی بەدەسـتهێنانی زانیـاری لـە جیهانـدا (توبـی منـدل, ٢٠٠٣، ل٣١).

٣- مافی بەدەستهێنانی زانیاری و حوکمرانی دروست :

مەبەسـت لـە چەمکـی حوکمڕانـی بـاش و دروسـت (الحکم الجیـد, الحکـم الرشـید) پیادەکردنـی دەسـەڵاتی سیاسـی و ئابـووری و کارگێڕییـە لـە بەڕێوەبردنـی کاروبـاری دەوڵـەت بەشـێوەیەک کـە بـە (دروسـت یاخـود بـاش و سـەرکەوتوو) نـاو دەبرێـت، پێناسـە دەکرێـت بـەوەی ئامانجـی هێنانـە دی بەرژەوەندیـی گشـتییە لـە ڕێگـەی ئـەو سـستمە دامەزراوانـەی دەسـەڵات کـە بەشـێوەیەکی تەندروسـت گوزارشـت لـە کۆمەڵگـە دەکـەن, بوونـی پێوەندییەکـی بەهێـزی ڕێکخسـتن و لێپرسـینەوە بەهـۆی دامەزراوەکانـەوە دواتریـش میدیـا تـا

لەو ڕێگەیەوە دەگاتە جەماوەر (عبیر مصلح, ٢٠٠٧، ل١٠).

شارەزایانی بواری میدیا بوونی حوکمڕانی دروست گرێ دەدەن بە زامنکردنی مافی گەیشتنی جەماوەر بە زانیارییە فەرمییەکان تا بەئاگا بن لە چۆنێتی بەڕیوەچوونی کارو چالاکی ئەو حوکوومەتەی لە سستمی دیموکراسیدا هەڵیانبژاردووەو نوێنەرایەتی جەماوەر دەکات.

هەروەها دەستڕاگەیشتن بە تۆمارو بەڵگەنامە فەرمییەکان بە ئاگابوون لێیان بە مەرجێکی بنەڕەتی حوکوومەتی هاوچەرخ دادەنرێت کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەو ڕێگە نەدان بە گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردن, کە هۆکارە بۆ دروست بوون و زیادکردنی متمانەو هێنانەکایەی بەشداریکردن لە پرۆسەی بڕیاردان کە ئەوەش هاوکار دەبێت بۆ پاڵپشتی هاوولاتییان بە کارەکانی حوکوومەت و پارێزگاریش لە کۆمەڵگەیەکی شارستانی و دیموکراسی دەکات (داڤید بانیسار, ٢٠٠٤، ل٩).

٤- پێوەندی مافی بەدەستهێنانی زانیاری بە ڕووماڵی میدیاییەوە:

ئاسان نییە بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی بەردەوام بتوانیت پیادەی مافی خۆی بکات لە گەڕان بە دوای زانیاری و بەڵگەنامە و بڕیارو ڕێساو تۆمارە حکومیەکاندا, بەڵکوو میدیا بە نوێنەری خۆی دادەنێت کە لە ڕێگەی پەیامنێرانی میدیای بینراو نووسراو بیستراو لە گەڕان بەدوای زانیاری و پشکنینی ڕاستی و دروستی زانیارییەکانیان بۆ بگوازێتەوە. هەر چەندە ئەوە مافی هاوولاتییان لە گەڕان بەدوای زانیاریدا ڕەتناکاتەوە، بەڵام جۆرێک لە زانیاری هەیە کە هاوولاتی پێویستی بە زانینێتی، بەڵام ناتوانێت بەدەستی بهینێت (سلێمان صالح، ٢٠٠٤, ل٤٢).

تەنانەت یەکێک لە مەرجە بنەڕەتیەکانی بنیاتنانی میدیاکاری پیشەیی بوونی پەیامنێری بەتوانایە بۆ کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوەی یەکەم و دۆسیەی ڕاستەقینەدا پارێزراون, تا ڕادەیەک شاردراونەتەوە و ئاشکراکردنیان سەختە. پەیامنێر لە مەیدانی کارەکەیدا متمانەو سەرکەوتنی تەواو بەدەست ناهێنیت تا نەتوانێت دەستی بگات بە سەرچاوەی زانیارییەکان, ئەوەش لە ڕێگەی ئەو بەرەوپێشچوونانەی لە بواری کارەکەی دێنە ئاراوە, هەروەها خوێندنەوەو بەدواداچوونی ڕووداوەکان و پیادەکردنی مافە مەدەنی و میدیایی-یەکان بەپێی یاساو ڕێسا ڕێگەپێدراوەکان کەواتە زانیاری تەوەری بنەڕەتی میدیایی و کەرەستە خاوەکەیەتی و ئامانجی کاری پەیامنێرانیش بەدیهێنانی خواستی جەماوەرە بە مافی زانین لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گشتی و بەشداریکردن لە دروست بوونی ڕۆشنگەری و هۆشیاری جەماوەر و چالاککردنی ڕای گشتی (جلال فرحی, ٢٠٠٩، ل٥٩).

٥- مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە دەستوور و یاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستان دا:

بەپێی سیستمی سیاسی و ئیداری وڵاتان، ڕێکخستنی یاسایی مافی پێدانی زانیاری لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت، لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا ئەو مافە بە تەواوەتی دابین کراوە، بەڵام لەو وڵاتانەی کە بەرەو پیادەکردنی دیموکراسی هەنگاو دەنێن بە ترسەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت, لە نێویاندا هەرێمی کوردستان و عێراق. هەرچەندە دەوڵەتی عێراق ئیمزای لەسەر پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ساڵی (١٩٦٦) کردووە کە تێیدا مافی بەدەستهێنانی زانیاری بە مافێکی بنەڕەتی دانراوە تیایدا (الوقائع العراقیة, ١٩٧٠ العدد-١٩٢٧).

بەڵام ئەو مافە بە ڕوونی لە دەقە یاسایی و دەستوورییەکانی پێش ساڵی (٢٠٠٣) نابینرێت، بەڵکوو بە پێچەوانەوە قەدەغە کراوە وەک لە بەندی (١٦-١٧) یاسای چاپەمەنی عێراقی ساڵی (١٩٦٨) هاتووە. بەڵام لە دەستووری عێراق ساڵی (٢٠٠٥) هەرچەندە دەقێکی ڕوونی تێدا نییە لەوبارەیەوە بەڵام لەمادەی (٣٨) ئاماژە بە مافی ئازادیی ڕادەربرین کراوە بەمەرجێک دژی ئادابی گشتی نەبێت (عثمان یاسین, ل٢٩).

لە سەرەتاکانی دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان پێشینە بۆ ئەو یاسایانە بوون کە زیاتر مۆرکی سیاسی پێوە دیار بوو، بەڵام لە پاڵ ئەوانەشدا خەڵکانێک

هەبـــوون داوای ڕێکخســـتنی بـــواری میدیایـــان دەکـــرد بـــە شـــێوەیەکی یاســـایی، بەتایبـــەت ڕێکخـــراو و ســـەندیکا پیشـەییەکان و پسـپۆڕانی بـواری میدیا, هەمیشـە لـە هەوڵـدا بـــوون لـــە ڕێگـــەی وتـــارو ســـیمینارو کـــۆڕو کۆبوونـــەوەکان لەگـەڵ لایەنــە پێوەنــدارەکان بــە نووســین و ئامادەکــردن و گەڵاڵەکردنـی پـڕۆژە یاسـای تایبـەت بـە مافـی بەدەسـتهێنانی زانیـاری بـۆ میدیـا لەپێنـاو پارێـزگاری لـە مافـی هاووڵاتـی بـۆ بەئاگابوونیـان لـە زانیارییـەکان لـە ڕێگـەی ڕۆژنامـەوان و پەیامنێرانـــەوە.

لــە یاســاکانی هەرێمــی کوردســتان تایبــەت بــە بــواری میدیــا بــاس لــەم مافــە نەکــراوە وەک یاســای چاپەمەنــی ســاڵی (١٩٩٣)، بــەڵام لــە یاســای ژمــارە (٤) ســاڵی (١٩٩٨) ســـەندیکای ڕۆژنامەوانـــی بـــە ناڕوونـــی ئامـــاژەی پێکـــراوە لــە چوارچێــوەی پاراســتنی مافــی ڕۆژنامەوانــان, لــە یاســای ژمــارە (٣٥) ســاڵی (٢٠٠٧) ڕوونــتر ئامــاژەی پێکــراوە, هەمــوو ئەمانــە نەبوونــە جێگــرەوە بــۆ بوونــی یاســایەکی تایبــەت بــە مافــی دەستڕاگەیشــتن بــە ســەرچاوەی زانیارییــەکان بــۆ میدیــاکاران بەگشــتی و پەیامنێــران بەتایبەتــی, لەبــەر ئــەو هــۆکارە پســپۆڕانی بــواری میدیــا و شــارەزایانی بــواری یاســا بــە هــاوکاری و هەماهەنگــی لایەنــە پێوەنــدارەکان گەڵاڵــەی بوونــی یاســای تایبــەت بــە مافــی بەدەســتهێنانی زانیاریــان کــرد بــۆ پەرلەمانــی کوردســتان, تــا یاســای ژمــارە (١١)ی ســاڵی ٢٠١٣ یاســـای مـــافی دەســـکەوتنی زانیـــاری لـــە هەرێمـــی کوردســتان- عێــراق دەرکــرا. ئــەوە بوولــە دانیشــتنی ژمــارە (٢٨) لــە ڕێکەوتــی ٢٠١٣/٦/٥ بــە حوکمــی بڕگــەی (١) لــە مــاددەی (٥٦)ی یاســـای ژمـــارە (١)ی ســـاڵی ١٩٩٢ی هەموارکـــراو لـــە پەرلەمانــی کوردســتان (یاســای مافــی بەدەســتهێنانی زانیــاری لــە هەرێمــی کوردســتان- عێــراق) دەرچــوو. یاســاکە لــە (٢٢) مــاددە پێــک هاتــووە کــە بــە ســەر پێنــج بەشــدا دابــەش کــراوە. (وەقائعــی هەرێمــی کوردســتان, ٢٠١٣).

٦- گرنگـــی و تایبەتمەندیـــی بوونـــی یاســـای مافـــی بەدەســـتهێنانی زانیـــاری لـــە هەرێمـــی کوردســـتاندا:

بوونــی یاســای ئازادیــی بەدەســتهێنانی هاووڵاتییــان بــە زانیـاری، کۆمەڵێـک سـوود و دەسـکەوتی سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتــی لــێ دەکەوێتــەوە، وەک:

١- بەپێـــی ئـــەو پرەنســـیپەی کـــە «مـــاف» یەکەیەکـــی گشـتگیرە و بـەش بـەش ناکرێـت، بۆیـە دەکرێـت بڵێیـن «مافـی بەدەسـتهێنانی زانیـاری جگـە لـەوەی بـۆ خـۆی مافێکـە؛ لـە هەمانکاتــدا میکانیزمێکــە بــۆ دەســکەوتنی مافەکانــی دیکــە، ئەرکـی دامودەزگەکانـی حوکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتانە کــە مافــی دەستڕاگەیشــتن بــە زانیارییــەکان بەپێــی بڕگــە و ماددەکانـی ئـەم یاسـایە بـۆ هاووڵاتییـان دەسـتەبەر بـکات، کــە کاریگــەری ئەرێنــی دروســت دەکات وە ڕێگــە خۆشــکەر دەبێــت بــۆ ئــەوەی زانیاریــی بابەتیانەیــان لەســەر هەمــوو مافەکانــی دیکــە هەبێــت.

٢- بـــۆ ئـــەوەی هاووڵاتییـــان بـــە متمانـــەوە لـــە ڕووی هۆشـــیارییەوە بەشـــداری پرۆســـەی سیاســـی وڵات بکـــەن، دەبــێ خاوەنــی زانیــاری بــن، هــەر بۆیــە دەبــێ حوکوومــەت ژینگەیکـــی وا دروســـت بـــکات کـــە هاووڵاتییـــان ئـــاگاداری سیاســـەت و کار و چالاکییەکانـــی دەســـەڵات بـــن و ســـنووری مـــاف و بەرژەوەندییەکانـــی خۆیـــان بزانـــن. لەبـــەر ئـــەوە بوونــی ئــەم یاســایە دەبێتــە هــۆی فەراوانبوونــی بەشــداریی هاووڵاتییــان لــە دروســتکردنی بڕیــار لــە هەمــوو ئاســتەکاندا (کامـــل عمـــر, ٢٠١٧، ل١٦١).

٣- کاتێـــک هاووڵاتـــی ئاســـایی لـــە هـــۆکاری بڕیارەکانـــی حوکوومـــەت ئـــاگادار بێـــت و بزانێـــت ئـــەو بڕیـــارە لـــە بەرژەوەندیـــی گشـــتیدایە نـــەک بەرژەوەندیـــی کـــەس یـــان لایەنێکـــی دیاریکـــراو، بێگومـــان دەبێتـــە چاودێرێکـــی بـــاش بەســـەر کار و چالاکیـــی بەرپرســـە هەڵبژێردراوەکانـــی خۆیـــان، ئەمـــەش وا دەکات مەترســـییەکانی برەوێتـــەوە و متمانـــەی بـــە حوکوومـەت زیاتـر بـێ لەبـەر ئەوەیـە دەبینیـن لـە کۆمەڵگـەی دیموکراسـیدا بەهـۆی مافـی دەسـتکەوتنی زانیارییـەوە ئاسـتی چاودێریـــی هاووڵاتییـــان بـــەرزە، بـــە پێچەوانـــەی ئەوانیـــش لـــە کۆمەڵگـــە نادیموکراســـییەکاندا چاودێـــری هاووڵاتییـــان بەســـەر ئـــەدای حوکوومەتـــەوە لاوازە یاخـــود نییـــە. (عبدالـــرزاق الدلیمـــی, ٢٠١٢، ل١٩٩).

٤- ئـــازادی ئاڵوگـــۆڕی زانیارییەکانـــی دەبێتـــە هـــۆی فرەوانبوونـــی شـــەفافییەت لـــە چالاکییـــە ئابـــووری و سیاسـییەکانی دەوڵـەت، ئازادیـی زانینـی زانیارییـەکان بەتەنیـا

بـۆ خەڵـک گرنـگ نییـە، بەڵکـوو بـۆ دەوڵەتیـش گرنـگ و حاشـاهەڵنەگرە، دەوڵەتـی گەنـدەڵ بـۆ مانـەوە پێوسـتی بـە شـاردنەوەیە، شـاردنەوەش دەبێتـە هـۆی ناکارایـی و سـەرەڕۆیی و بێمتمانەیـی.

٥- هەروەهـا ئازادیـی ئاڵوگـۆڕی زانیارییـەکان دەبێتـە هـۆی «پتەوبوونـی ئازادیـی کاری ڕۆژنامەوانـی و بەهێزبوونـی دەسـەڵاتی چـوارەم و زیاترکردنـی توانـای گوشـارەکانی و کارئاسـانی دەکات بـۆ ڕۆژنامەنووسـان و پەیامنێـران تـا ڕاستییەکان بخەنـە ڕوو، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی کەمکردنـەوەی خـراپ بەکارهێنانـی دەسـەڵات لەلایـەن حزبـە سیاسـییەکان و بەرپرسـانی بـاڵا (زکـی وردی، ٢٠١٣، نـت).

٦- دەبێتـە هـۆی کەمکردنـەوەی پڕوپاگەنـدە و واتـەوات، کـە ئـەم دیاردەیـە کار لەسـەر بێمتمانەکردنـی دامودەزگەکانـی حوکوومـەت دەکات لای خەڵـک.

٧- هەڵـە و کەموکوڕییـەکان ئاشـکرا دەکات بـەر لـە ڕوودانـی دەگرێـت و ڕێگـە بـۆ ڕەخنـە و گفتوگـۆی پۆزەتیـڤ خـۆش دەکات و کارئاسـانی بـۆ لێپرسـینەوە دەکات.

٨- میکانیزمێکـە بـۆ دەسـکەوتنی مافەکانـی دیکـە، کاریگـەری ئەرێنـی لەسـەر ژیانیـان دروسـت دەکات، هەروەهـا ڕێگەرۆشـنکردنە بـە ئاشـنابوون بـە زانیـاری بابەتیانـە لەسـەر هەمـوو مافەکانـی دیکـە (رحیـم العگیلـی، ٢٠١٤، نـت).

٩- گەشـەکردنی هووشـیاری لای هاووڵاتییـان بـۆ بەشـداریکردن لـە پڕۆسـەی سیاسـیدا، لـە ڕێگـەی بەدیهێنانـی خواسـتەکانیان لـە مافـی زانینـی زانیارییـەکان، لەبـەر ئـەو مەبەسـتە دەبـێ حوکوومـەت ژینگەیەکـی وا دروسـت بـکات کـە هاووڵاتییـان ئـاگاداری سیاسـەت و کارو چالاکییەکانیـان بـن و سـنووری مـاف و بەرژەوەندییەکانـی خۆیـان بزانـن، بۆیـە پیادەکردنـی دروسـتی ئـەم یاسایە دەبێتـە هـۆی فرەوانبوونـی بەشـداریی هاووڵاتییـان لـە دروسـتکردنی بڕیـار لـە هەمـوو ئاسـتەکاندا.

بەشی سێیەم – تەوەری یەکەم :

١) ڕاستی و ڕواڵەت دروستی پرسیارنامەی توێژینەوەکە:

دوای هەڵسـەنگاندنی فۆرمـی ڕاپرسـی توێژینەوەکـە لەلایـەن (٥) پسـپۆڕی میدیایـی بەمەبەسـتی هەڵسـەنگاندن و وەرگرتنـەوەی تێبینییەکانیـان وە چاککردنـی لەلایـەن تویـژەرەوە. کـۆی ڕێژەکـە (٩٠٪) دەرچـوو.

ژمارەی پسپۆڕان= ٥

بەمشـێوەیە کـۆی گشـتی بڕگـەکان= ژمـارەی بڕگەکانـی پێـوەر × ژمـارەی پسـپۆڕان

ژمارەی بڕگە دروستەکان= ٦٣

ژمارەی بڕگە نادروستەکان = ٧

ڕاسـتیی گشـتیی پێـوەر = کـۆی گشـتیی بڕگـە دروسـتەکان/ کـۆی گشـتیی بڕگەکانـی پێـوەر × ١٠٠

٩٠ =١٠٠×٧٠/٦٣

| ژ | ناوی مامۆستا | ناوی زانکۆ | پسپۆڕی | بڕگەی گونجاو | بڕگەی نەگونجاو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.ی.د.ئازاد ڕەمەزان عەلی | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | زمانی میدیا | ١٤ | ٠ |
| ٢ | پ.ی.د.رزگار مغدید | زانکۆی سەلاحەدین | ئامار | ١٠ | ٤ |
| ٣ | پ.ی.د.سیروان انور مجید | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | شیکردنەوەی گوتاری میدیایی | ١٤ | ٠ |
| ٤ | پ.ی.د.عبدالخالق ابراهیم مستەفا | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | میدیای سیاسی | ١٣ | ١ |
| ٥ | پ.ی.م.هەردەوان محمود کاکەشێخ | زانکۆی سەلاحەدین | ئابووری میدیا | ١٢ | ٢ |
| کۆی گشتی | | | | ٦٣ | ٧ |

٢) ڕادەی جێگیری توێژینەوەکە:

بەپێی تێستی (ئەلفا کورونباخ) لە بەرنامەی ئاماری (SPSS) ئەو ئەنجامانەی توێژەر دەستی کەوتووە (٨٥٪) ی وەڵامەکان وەک خۆیان بوون. یاساکە بریتییە لە:

$$\bar{x} = \frac{1}{n}\sum_{i=1}^{n} x_i = \frac{1}{n}(x_1 + \cdots + x_n).$$

| Cronbach's Alpha | Items |
|---|---|
| 85% | 14 |

بەشی سێیەم- تەوەری دووەم : لایەنی کردنی نامەی توێژینەوەکە

ئاراستەی پەیامنێران بەرانبەر ڕادەی جێبەجێکردنی یاسای مافی بەدەستهێنانی

زانیاریی ژمارە (١١) ساڵی (٢٠١٣) لە هەرێمی کوردستاندا

لەم بەشەدا وەسفی زانیاری بەشداربووانی سامپڵی توێژینەوەکە دەخرێتەڕوو, کە فۆرمی ڕاپرسییەکەیان پڕ کردووەتەوە, لەچەند خشتەیەکی جیاجیادا پۆلێن کراون وە لێکدانەوەو شیکردنەوەی زانستیان بۆ ئەنجام دراوە.

١- خشتەی (١) دابەشبوونی سامپڵی توێژینەوە بەپێی ڕەگەز دەخاتە ڕوو :

| ڕەگەز | دووباره | ڕێژی سەدی |
|---|---|---|
| مێ | 23 | 32.4 |
| نێر | 48 | 67.6 |
| گشتی | 71 | 100.0 |

لە خشتەی (١) دا ڕوونی دەکاتەوە کە ڕێژەی (٣٢,٤٪) پەیامنێرانی بەشداربوو لە ڕەگەزی (مێ) ن, ڕێژەی (٦٧,٦٪) لە ڕەگەزی (نێر)ن, واتە ڕەگەزی نێر زۆرترین بەشداربوون لە وەڵامدانەوەی ڕاپرسییەکەدا, ڕەنگە ئەم ڕێژەیە بەهۆی کەمی ژمارەی پەیامنێرانی ڕەگەزی مێ بێت بە هۆکاری دژواری سروشتی کاری پەیامنێری کە لە لیستی ئەندامانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان ئەو ڕاستییە دەردەخات کە ژمارەی ڕۆژنامەنووسی نێر لە مێ زیاترە یاخود بە هۆکاری ڕێگری داب و نەریتی کۆمەڵگە کە تێبینی کراوە.

٢- خشتەی (٢) دابەش بوونی سامپڵی توێژینەوە بەپێی تەمەن دەخاتە ڕوو:

| تەمەن | دووباره | ڕێژی سەدی |
|---|---|---|
| لە ٢٠ بۆ کەمتر لە ٢٩ساڵ | 28 | 39.4 |
| لە ٣٠ بۆ کەمتر لە٣٩ ساڵ | 31 | 43.7 |
| لە ٤٠ بۆ کەمتر لە ٤٩ ساڵ | 12 | 16.9 |
| گشتی | 71 | 100.0 |

ڕێژەی (٤٣,٧٪) بەشداربوو لە نێوان تەمەنی (٣٠-٣٩) ساڵ دایە, ڕێژەی (٣٩,٤٪) بەشداربوو لە نێوان تەمەنی (٢٠-٢٩) ساڵدایە, ڕێژەی (١٦,٩٪) بەشداربوو لە نێوان تەمەنی (٤٠-٤٩) ساڵدایە, ئەمەش ئەوە دەردەخات زۆرترین ژمارەی پەیامنێران لە تەمەنی گەنجی و بەرەو کامڵ بووندایە, کە بەڵگەیە بۆ پێگەیشتوو, وە تێگەیشتوویان لە حەزو خولیایان بۆ کاری پەیامنێری و پێڕەوکردن و تێگەیشتنیان لە بنەماو یاساکانی میدیا.

٣- خشتەی (٣) دابەش بوونی سامپڵی توێژینەوە بەپێی ئاستی خوێنەواری دەخاتە ڕوو:

| ئاستی خوێندەواری | دووباره | ڕێژی سەدی |
|---|---|---|
| ئامادەیی | 5 | 7.0 |
| دبلۆم | 19 | 26.8 |
| بەکالۆریۆس | 37 | 52.1 |
| ماستەر | 7 | 9.9 |
| دکتورا | 3 | 4.2 |
| گشتی | 71 | 100.0 |

بەپێــی ئەنجامــی خشــتەی (٣) زۆری بەشــداربووان هەڵگــری بڕوانامــەی (بەکالۆریــۆس و دبلــۆم)ن کــە ئامــاژەو ڕێژەیەکــی ئامانــج بەخشــە کــە زۆرینــەی پەیامنێــران میدیــاکاری ئەکادیمیــن، وەهاوتایــە لەگــەڵ ئاســتی تەمەنیــان وە سروشــتی کارەکەیــان, هــاوکات نزمــی ئاســتی بڕوانامەکانــی دیکــە جێــی نیگەرانییــە، بــەڵام خــاوەن بڕوانامەکانــی ماســتەر و دکتــۆرا بەرێــژەی زۆر کــەم کاری پەیامنێــری دەکــەن, بۆیــە مــەرج نییــە خــاوەن ئــەم بڕوانامانــە ژمــارەی بەرچــاو بــن لــە دامەزراوەکانــی میدیــا.

٤- خشــتەی (٤) دابەشــبوونی ســامپڵی توێژینــەوە بەپێــی شــوێنی کار دەخاتــە ڕوو :

| شوێنی کارکردن | دووبارە | ڕێژی سەدی |
|---|---|---|
| کەناڵی ئاسمانی | 34 | 47.9 |
| تەلەفزیونی لۆکاڵی | 15 | 21.1 |
| ڕادیۆ | 14 | 19.7 |
| ڕۆژنامە | 8 | 11.3 |
| گشتی | 71 | 100.0 |

ڕێــژەی (٤٧,٩٪) ی بەشــداربووان لــە کەناڵــە ئاســمانی یەکانــن, ڕێــژەی (٢١,١٪) لــە تەلەفزیۆنی-یــە لۆکالی-یەکانــن, ڕێــژەی (١٩,٧٪) لــە پەیامنێــری ڕادیــۆن, کەمتریــن ڕێــژە پەیامنێــری ڕۆژنامەکانــن بــە ڕێــژەی (١١,٣٪), کــە ئەمــەش حاڵەتێکــی ئاسایی-یە لــە کەمبوونــەوەی ژمــارەی پەیامنێــران بەپێــی ئامــرازە میدیایی-یــەکان بەهــۆی پێشــکەوتنی تەکنەلۆژیــاوە, چونکــە تەلەفزیــۆن پانتاییەکــی جوگرافــی فروانــی بەدەســتهێناوە لــە جەمــاوەر کــە ئــەوەش هــۆکارە بــۆ بوونــی ژمارەیەکــی زیاتــر لــە پەیامنێــران.

٥- خشــتەی (٥) دابــەش بوونــی ســامپڵی توێژینــەوە بەپێــی شــوێنی نیشــتەجێ بــوون دەخاتــە ڕوو:

| شوێنی نیشتەجێبوون | دووبارە | ڕێژی سەدی |
|---|---|---|
| هەولێر | 28 | 39.4 |
| سلێمانی | 30 | 42.3 |
| دهۆک | 9 | 12.7 |
| هەڵەبجە | 4 | 5.6 |
| گشتی | 71 | 100.0 |

زۆرتریــن ژمــارەی بەشــداربوو لــە شــاری هەولێــرە بــە ڕێــژەی (٣٩,٤٪) کــە ئــەوەش ئەگەڕێتــەوە بــۆ بوونــی ژمارەیەکــی زۆری کەنــاڵ و دامەزراوەکانــی میدیــا لــەم شــارە, ڕێــژەی (٤٢,٣٪)ی بەشداربووان لە شاری سلێمانی-یە, ڕێژەی (١٢,٧٪) لــە دهــۆک, کەمتریــن ڕێــژە (٥,٦٪)ی بەشــداربوون لــە شــاری هەڵەبجەیــە ئــەوەش دەگەڕێتــەوە بــۆ کەمــی بوونــی پەیامنێــران بەهــۆی بوونــی کەمــی دامــەزراوەی میدیایــی لــە شــاری ناوبــراو.

٢- خستنەڕووی ئەنجام و تاوتوێکردنیان:

دوای گەڕانــەوەی ســەرجەم فۆرمــەکان, توێــژەر لــە ڕێگــەی بەرنامەیەکــی ئامــاری و ژمێرەییــەوە ڕێــژەی ســەدی بــۆ هەریــەک لــە فۆرمــەکان دەرهێنــا و ئەنجامــی ســەرجەم برگەکانــی بــە شــێوەی نووســین و خشــتە خســتۆتەڕوو, دواتــر ئــەو ئەنجامــەی شــی کردووەتــەوە.

٢: ١- خشــتەی (٦) ئاشــنایەتی ســامپڵی توێژینــەوە بــە یاســای مافــی بەدەســتهێنانی زانیــاری ڕوون دەکاتــەوە:

| ڕادەی بایەخدان | دووبارە | ڕێژی سەدی | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوانی |
|---|---|---|---|---|
| لەگەڵیدانیم | 6 | 8.5 | 2.15 | 0.552 |
| تا ڕادەیەک | 48 | 67.6 | | |
| لەگەڵیدام | 17 | 23.9 | | |
| گشتی | 71 | 100.0 | | |

زۆرتریـن بەشـداربوو بـە ڕێـژەی (٪٦٧,٦) تـا ڕادەیـەک ئاشـنان بـە یاسـای ناوبـراو, کـە ئەمـەش ئەنجامێکـی باشـە کـە ئـەو ژمـارە لـە پەیامنێـران تـا ئاسـتێکی بەرچـاو شـارەزاییان لـەو یاسـایەدا هەبـێ کـە تایبەتـە بـە کارەکەیـان, بـەڵام جێگـەی پرسـیار و نیگەرانییـە کـە ڕێـژەی (٪٢٣,٩) شـارەزاییان هەیـە لـە یاسـاکە, کـە ژمارەیەکـی کەمـە بێگومـان کاریگـەری لەسـەر کوالیتـی کاری میدیایـی بەجێدەهێڵێـت, بـەڵام ژمارەیەکـی کەمـن لـە پەیامنێـران کـە بـێ ئـاگان لـە یاسـای ناوبـراو بـە ڕێـژەی (٪٨,٥).

٢: ٢- خشـتەی (٧) ڕای سـامپڵی توێژینـەوە سـەبارەت بـە جێبەجێکردنـی مافـی بەدەسـتهێنانی زانیـاری لـە هەرێمـی کوردسـتان دەخاتـە ڕوو:

| ڕادەی بایەخدان | دووبارە | ڕێژی سەدی | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوانی |
|---|---|---|---|---|
| لەگەڵیدانیم | 16 | 22.5 | 2.04 | 0.706 |
| تا ڕادەیەک | 36 | 50.7 | | |
| لەگەڵیدام | 19 | 26.8 | | |
| گشتی | 71 | 100.0 | | |

بەپێـی ئەنجامـی خشـتەی (٧) دەردەکەوێـت کـە جیـاوازی ئاماژەکانـی پێوەنـدی ئامـاری لـە نێـوان سـامپلی توێژینەوەکـە لـە ئاسـتی پێویسـتی جێبەجێکردنـی یاسـای مافـی بەدەسـتهێنانی زانیـاری بـە بەهـای (٧٠٦٠) لادانـی پێوانەیـی و (٢,٠٤) ناوەنـدی ژمێرەیی-یـە, کـە بـە ڕێـژەی (٪٥٠,٧) کـە زۆرتریـن ڕێـژەی بەدەسـتهاتووە پێیانوایـە تـا ڕادەیـەک جێبەجـێ دەکرێـت, بـە ڕێـژەی (٪٢٦,٨) پێیانوایە کە جێبەجێ دەکرێت کە ڕێژەیەکی زۆر کەمـە, بـەڵام کەمتریـن ڕێـژە (٪٢٢,٥) ڕایـان وایـە جێبەجـێ ناکرێـت, ئـەم ئاماژانـە دەرخـەری جێبەجـێ نەکردنـی یاسـای ناوبـراو پیشـان دەدەن.

٢: ٣- خشـتەی (٨) ڕادەی بایەخدانـی سـامپڵی توێژینـەوە دەربـارەی چەندێتـی فەراهەمکردنـی مافـی بەدەسـتهێنانی زانیاری ودەسـتەبەرکردنی سـەرچاوەکانی زانیـاری ڕوون دەکاتـەوە:

| ڕادەی بایەخدان | دووبارە | ڕێژی سەدی | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوانی |
|---|---|---|---|---|
| لەگەڵیدانیم | 23 | 32.4 | 2.00 | 0.811 |
| تا ڕادەیەک | 25 | 35.2 | | |
| لەگەڵیدام | 23 | 32.4 | | |
| گشتی | 71 | 100.0 | | |

بـە ڕێـژەی (٪٣٥,٢)ی بەشـداربووان ڕایـان وایـە کـە تـا ڕادەیـەک یاسـای ناوبـراو یارمەتیـدەرە بـۆ پەیامنێـران لـە دەستگەیشـتنیان بـە سـەرچاوەکانی زانیـاری, بـەڵام بـە ڕێـژەی (٪٣٢,٤) هـەردوو ڕادەی بایەخدانـی بەشـداربووانی (لەگەڵیـدام, لەگەڵیدانیـم) بـە هەمـان ڕێـژەی یەکسـان پێیانوایـە یاسـای ناوبـراو ئاسـانکاری کـردووە, بەهەمـان ڕێـژەش ڕایـان وایـە یاسـاکە هـۆکاری ئاسـانکاری نییـە بـۆ مافـی بەدەسـتهێنانی زانیـاری بـۆ پەیامنێـران.

٢: ٤ – خشـتەی (٩) ڕای سـامپڵی توێژینـەوە سـەبارەت بەڕادەی جێبەجێکردنـی یاسـای ناوبـراو لـە بۆ بەدەسـتهێنانی زانیـاری لـە دامـەزراوە فەرمییەکانـدا دەخاتـە ڕوو:

| ڕادەی بایەخدان | دووبارە | ڕێژی سەدی | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوانی |
|---|---|---|---|---|
| لەگەڵیدانیم | 32 | 45.1 | 1.77 | 0.796 |
| تا ڕادەیەک | 23 | 32.4 | | |
| لەگەڵیدام | 16 | 22.5 | | |
| گشتی | 71 | 100.0 | | |

بـە ڕێـژەی (٪٤٥,١) بەشـداربووانی ڕاپرسـییەکە لەگـەڵ ئـەوەدا نیـن لـە دامـەزراوە فەرمییەکانـی حوکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان یاسـای ناوبـراو جیبەجـێ بکرێـت, کـە ئەمـەش ڕای زۆرتریـن ڕێـژەی سـامپلی توێژینەوەکەیـە, کـە ڕێژەیەکـی مەترسـیدارە بـۆ پیادەکردنـی دیموکراسـی و مافـی بەدەسـتهێنانی زانیـاری لـە هەرێمـی کوردسـتاندا, بـە ڕێـژەی (٪٣٢,٤) ڕایـان وایـە تـا ڕادەیـەک جیبەجـێ دەکرێـت, بـەڵام کەمتریـن ڕێـژە پێیانوایـە جێبەجـێ دەکرێـت بـە ڕێـژەی (٪٢٢,٥).

٢: ٥- خشـتەی (١٠) ڕای سـامپڵی توێژینـەوە لەبـارەی ڕوون و ئاشـکرایی و وردی «دقیـق» ئـەو زانیاریانـەی لـە کۆنفرانسـی ڕۆژنامەوانی و کۆبوونـەوە فەرمییەکانـدا دەخرێنـە ڕوو, ڕوون دەکاتەوە:

| ڕادەی بایەخدان | دووبارە | ڕێژی سەدی | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوانی |
|---|---|---|---|---|
| لەگەڵیدانیم | 26 | 36.6 | 1.83 | 0.737 |
| تا ڕادەیەک | 31 | 43.7 | | |
| لەگەڵیدام | 14 | 19.7 | | |
| گشتی | 71 | 100.0 | | |

بەپێـی خشـتەی ژمـارە (١٠) زۆرتریـن ڕێـژەی بەشـداربووی سـامپلی توێژینەوەکـە پێیانوایـە تـا ڕادەیـەک زانیـاری کۆنفرانسـەکان و کۆبوونـەوە فەرمییـەکان ڕوون و ئاشـکران بـە ڕێـژەی (٤٣,٧٪), هـاوکات بەڕێـژەی (٣٦,٦٪) لەگـەڵ ئـەوەدان ئـەو زانیاریانـە ڕوون و ئاشـکرا نیـن, بـەڵام کەمتریـن ڕێـژە پێیـان وایـە ئـەو زانیاریـان ڕوون و ئاشـکرا و وردن ئـەوەش بەڕێـژەی (١٩,٧٪) کـە ئەنجامێکـی بـاش نییـە.

٢: ٦- خشـتەی (١١) ڕای سـامپڵی توێژینـەوە سـەبارەت بەدروسـتکردنی لەمپـەر بـۆ بەدەسـتهێنانی زانیـاری لـە هەرێمـی کوردسـتان بـە پاسـاوی پاراسـتنی ئاسایشـی نەتەوەیـی دەخاتـە ڕوو:

| ڕادەی بایەخدان | دووبارە | ڕێژی سەدی | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوانی |
|---|---|---|---|---|
| لەگەڵیدانیم | 29 | 40.8 | 1.90 | 0.848 |
| تا ڕادەیەک | 20 | 28.2 | | |
| لەگەڵیدام | 22 | 31.0 | | |
| گشتی | 71 | 100.0 | | |

لـە داتاکانـی خشـتەی (١١)دا، دەریدەخـات کـە بـە ڕێـژەی (٤٠,٨٪) پێیانوایـە شـاردنەوەی زانیارییـەکان بـۆ مەبەسـتی پاراسـتنی ئاسایشـی نەتەوەیـی نییـە کـە ئەمـەش زۆرتریـن ڕێـژەی بەشـداربووە, هـاوکات بـە ڕێـژەی (٣١,٠٪) پێیانوایـە ڕاسـتە بـۆ مەبەسـتی پاراسـتنی ئاسایشـی نەتەوەیی-یـە کـە هەنـدێ لـە زانیارییـەکان بـە ئاشـکرا ناخرێنـەڕوو، بـەڵام ئەمـە ژمارەیەکـی زۆر کەمـە, هەرچەنـدە کەمتریـن بەشـداربووی سـامپلی توێژینەوەکـە بـە ڕێـژەی (٢٨,٢٪) پێیانوایـە تـا ڕادەیـەک شـاردنەوەی زانیارییـەکان بـۆ مەبەسـتی ئامـاژە پـێ دراوە.

٢: ٧- خشـتەی (١٢) ڕای سـامپڵی توێژینـەوە سـەبارەت بەڕێگـری لـە بەدەسـتهێنانی زانیـاری لـە دامـەزراوە فەرمییـەکان بـە هـۆکاری سـزادانی کارگێـری دەخاتـە ڕوو :

| ڕادەی بایەخدان | دووبارە | ڕێژی سەدی | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوانی |
|---|---|---|---|---|
| لەگەڵیدانیم | 26 | 36.6 | 1.97 | 0.845 |
| تا ڕادەیەک | 21 | 29.6 | | |
| لەگەڵیدام | 24 | 33.8 | | |
| گشتی | 71 | 100.0 | | |

خشـتەی (١٢) نیشـانی دەدات کـە بـە ڕێـژەی (٣٦,٦٪) لەگـەڵ ئـەوە دا نیـن بـە هـۆکاری تـرس لـە سـزادان لـە دامـەزراوە فەرمییـەکان زانیارییـەکان بـۆ پەیامنێـران ئاشـکرا ناکـەن, بـەڵام بـە ڕێـژەی (٣٣,٨٪) لەگـەڵ ئـەوەدان کـە پێنەدانـی زانیـاری بـە پەیامنێـران بـە هـۆکاری ترسـیانە لـە سـزادان لەلایـەن بەرپرسـانی سـەرووی خۆیانـەوە, بـە ڕێـژەی (٢٩,٦٪) کـە کەمتریـن ڕێژەیـە تـا ڕادەیـەک پێیانوایـە, واتـە دڵنیـا نیـن لـەوەی کەوایـە یاخـود نەخێـر بـەو هـۆکارە نییـە کـە زانیارییـەکان ناخرێنـە بەردەسـت پەیامنێـران.

٢: ٨-خشـتەی (١٣) ڕای سـامپڵی توێژینـەوە، سـەبارەت بـە جیـاوازی کـردن لـە پێدانـی زانیـاری لـە لایـەن سـەرچاوەکانی بەدەسـتهێنانی زانیارییـەوە بـە هـۆکاری ئایدۆلـۆژی و سیاسـی دەخاتـە ڕوو:

| ڕادەی بایەخدان | دووبارە | ڕێژی سەدی | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوانی |
|---|---|---|---|---|
| لەگەڵیدانیم | 20 | 28.2 | 2.20 | 0.856 |
| تا ڕادەیەک | 17 | 23.9 | | |
| لەگەڵیدام | 34 | 47.9 | | |
| گشتی | 71 | 100.0 | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٣) بە ڕێژەی (٤٧,٩٪) لەگەڵ ئەوە دان کە بەڵێ ڕاستە بە هۆکاری جیاوازی ئایدۆلۆژی جیاوازی لە پێدانی زانیاری دەکرێت لە نێوان پەیامنێراندا, هەروەها بە ڕێژەی (٢٨,٢٪) پێیانوانی یە کە وابێت و ئەو جیاوازییە بکرێت, بەڵام ڕێژەی (٢٣,٩٪) کە کەمترین ڕێژەیە ڕایان وایە ئەو حاڵەتە تا ڕادەیەک ڕاستە نەک تەنیا هۆکار بێت.

٢: ٩- خشتەی (١٤) ڕادەی متمانەی سامپڵی توێژینەوە، سەبارەت بەو پاساو و ڕێگریاتەی بەردەم دەستکەوتنی زانیاری دەخاتە ڕوو:

| ڕادەی بایەخدان | دووبارە | ڕێژی سەدی | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوانی |
|---|---|---|---|---|
| لەگەڵیدانیم | 26 | 36.6 | 1.96 | 0.836 |
| تا ڕادەیەک | 22 | 31.0 | | |
| لەگەڵیدام | 23 | 32.4 | | |
| گشتی | 71 | 100.0 | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (١٤) بە ڕێژەی (٣٦,٦٪) متمانەیان بە پاساو و ڕێگرییەکانی بەردەم بەدەستهێنانی زانیاری نییە کە زۆرترین ڕێژەی بەشداربووانە, ئەم ئەنجامە ئەوە دەسەلمێنێ کە پەیامنێران ڕایان وایە کە مافی خۆیانە بە ئازادی دەستیان بگات بە سەرچاوەکانی زانیاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بڕوابوونیان بە سەروەری یاسا, بەڵام بە ڕێژەی (٣٢,٤٪) بڕوایان بە ڕێگری و پاساوەکان هەیە بە هەر هۆکارێک بێت, هاوکات کەمترین ڕێژە (٣١,٠٪) تا ڕادەیەک بڕوایان بە پاساو و ڕێگرییەکان هەیە کە لە لایەنە پێوەندادارەکان بە سەرچاوەی زانیارییەکان ئەنجام دەدرێت لە بەرانبەر پەیامنێراندا.

دەرئەنجام:

١- مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە یاساکانی هەرێمی کوردستاندا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام بوونی یاسا بۆ دەستەبەرکردنی مافی میدیاکاران بە گشتی و پەیامنێران بەتایبەتی بەس نییە گەر ئیرادەی جێبەجێکردنی بۆ فەراهەم نەکرێت لەلایەن دەسەڵاتە گشتییەکانەوە. لاوازی لە جێبەجیکردنی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاریی ژمارە (11) ساڵی (٢٠١٣) نموونەیەکی ئاشکرای ئەو دەرئەنجامەیە لەگەڵ بوونی یاسای دژ بە یەک و ناکۆک بە یاسای بەرکار, وەک یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (٣٥) ساڵی (٢٠٠٧) لە هەرێمی کوردستان کە ئاستەنگی دروست کردووە بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاری.

٢- بەشێوەیەکی ڕێژەیی (٤٠,٨٪) پەیامنێرانی کەناڵەکانی هەرێمی کوردستان, کۆتکردنی مافی بەدەستهێنانی زانیاری بە هەڵاوێردە یاساییەکانی (ئاسایشی نەتەوەیی) ڕەتدەکەنەوە.

٣- لە دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان بە پاساوی جۆراوجۆر ڕێگری لە پەیامنێران دەکرێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری بەڕێژەی جیاواز.

٤- پاساو و ڕێگرییەکان دروست و لۆژیکی نین بە ڕێژەی (٣٦,٦٪) واتە نەیانتوانیوە باوەڕ بە پەیامنێران بهێنن.

٥- پەنا بردنە بەر دزەپێکردنی زانیارییەکان و بەدەستهێنانی زانیاری لە ڕێگەی هاوڕێیەتی و دروستکردنی پێوەندی تایبەتی لەگەڵ بەرپرسان, بەئاسایی دەزانن لای بەشداربووانی سامپلی توێژینەوەکە, ئەمەش لە دەرئەنجامی جێبەجێنەکردنی یاسای ناوبراو دروست بووە.

٦- ناپیشەیی پەیامنێران لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ سەرچاوەکانی زانیاری, تا ڕادەیەک بۆتە بەربەست لە بەدیهێنانی مافی بەدەستهێنانی زانیاری.

٧- شاردنەوەی زانیارییەکان بە هۆکاری ترس لە سزادان لە هەندێ لە سەرچاوە فەرمییەکانی زانیاری, نەبوونی یاسایەک بۆ پاراستنیان، بۆتە هۆی دروستبوونی سەرچاوەی زانیاری نادیار کە یەکێکە لە کەموکوڕییەکانی میدیای کوردی.

- پێشنیاز/

توێــژەر چەنــد پێشــنیازێک دەخاتــە ڕوو بــۆ توێژەرانــی دیکــە, بــۆ ئەنجامدانــی توێژینــەوە لەبــارەی ئــەو خاڵــە گرنگانــەی پێوەنــددارن بــە کێشــەی ئــەم توێژینەوەیــە کــە لێــرەدا دەرفەتــی باســکردن و چارەســەرکردنی نەبــوو, لەوانــە:

١- ئەنجامدانــی توێژینەوەیەکــی بــەراوردکاری لــە نێــوان یاســای مافــی بەدەســتهێنانی زانیــاری (ژمــارە ١١– ســاڵی ٢٠١٣) ی هەرێمــی کوردســتان, لەگــەڵ یاســای هاوشــێوەی لــە وڵاتانــی پێشــکەوتوو و دیموکراســی, لەپێنــاو ســوود بینیــن لێیــان لــە ڕووی زیادکردنــی بڕگــەو مــاددەی دیکــە کــە لــە قەبــارەی فەوانــی پێشــکەوتنی دیجیتــاڵ میدیــا دا بێــت, گونجاوبێــت لەگــەڵ پێداویســتی کۆمەڵگــەو میدیــای کــوردی.

٢- ئەنجامدانــی توێژینــەوە, ســەبارەت بــە ئێتیکــی مامەڵەکردنــی پەیامنێــران, لەگــەڵ ســەرچاوەکانی زانیــاری و خــودی زانیارییــەکان, لــە ڕوانگــەی یاســاو پەیماننامەکانــی مافــی بەدەســتهێنانی زانیــاری.

٣- ئەنجامدانــی توێژینــەوە, دەربــارەی چۆنێتــی جیبەجێکردنــی یاســای ناوبــراو لەلایــەن دامــەزراوە فەرمییەکانــی هەرێمــی کوردســتان.


سەرچاوەکان بە زمانی کوردی :-

- مەجیــد ســاڵح عەزیــز. مافــی بەدەســتهێنانی زانیــاری لــە هەرێمــی کوردســتان, ســلێمانی- هەرێمــی کوردســتان.

- کــامیل عــومــەر. ٢٠١٧, بەدەستهێنانی زانیاری, بنەما، ڕێکخستن, بایــەخ و ئاســتەنگەکانی, چاپخانــەی کارۆ, هەرێمــی کوردســتان- ســلێمانی.

- شــوان ڕشــید.٢٠١٠, بەدەســتهێنانی زانیــاری لــە هەرێمــی کوردســتان, (کۆمەڵــەی خەڵــک بــۆ گەشــەپێدان), ســلێمانی.

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی :-

- فرانشيسـكا مارتونفـي وغابريـيال جايغر, امتلـك المعلومـة, الحصـول عـلى المعلومـات في الـشرق الاوسـط وشـمال أفريقيـا منشـورات منظمـة الشـفافية الدوليـة ٢٠١٣.

- احمــد ســليم ســعيفان. ٢٠١٠, الحريــات العامــة وحقــوق الانســان, دراســة تاريخيــة وفلسـفية وسياسـية وقانونيـة فى القانـون المقـارن, الجـزء الثانــي, منشــورات الحلبــي الحقوقيــة, لبنــان.

- احمــد عــزت.٢٠١١, حريــة تــداول المعلومــات (دراســة القانونيــة مقارنــة) مؤسســة حريــة للفكــر والتعبيــر, مــصر.

- اشرف فتحـى الراعـى. ٢٠١٢, حـق الحصـول علـى المعلومـات- دراسـة مقارنـة, رسـالة ماجسـتير, دارالثقافـة للنـشر والتوزيـع, دراسـة منشـورة, الاردن.

- توبـى منـدال. ٢٠٠٣, حريـة المعلومـات- مسـح قانونـى مقـارن, بـدون موقـع الطبـع، يونسـكو.

- جامعــة منيســوتا.١٩٩٣, حقــوق الانســان- مجلــد الاول, مجموعــة صكــوك دوليــة, نيــورك- الامــم المتحــدة.

- جــلال فرحــى. ٢٠٠٩, چــۆن لــە بــواری ڕاگەیاندنــدا ســەرکەوتن بەدەســت دەهێنیــت, وەرگێران-لقــمان غفــور, خانــەی وەرگێــران, ســلێمانی.

- حبيــب كركوكــى. ٢٠٠٨, فنــون التحريــر الصحفــى, مؤسســة موكريــان للبحــوث والنــشر, دهــوك.

- حسن كيره. ٢٠١٢, المدخل الى القانون, منشأة المعارف, اسكندرية.

- داڤيـد باينسـار. ٢٠٠٤, حريـة الاعلام والوصـول الـى القوانيـن المسجلة للحكومـة حـول العـالم, المعهـد الديمقراطـى الوطنـى للشـؤن الدوليـة, بيــروت.

- رحيــم حســن العكيــلي، حــق الاطــلاع عــلى المعلومــات، (الســلطة القضائيــة العراقيــة) http://www.iraqja.iq/view.1304/ . ڕۆژی سەردان ٢٠٢٣/٨/٤.

- رحيمـة الطيـب عيسـانى. ٢٠٠٨, مدخـل الـى الاعـلام والاتصـال, جـدارا

للنشر والتوزيع, الاردن.
- زكـي الـوردي، حريـة المعلومـات. حـق إنسـاني وأداة للديمقراطيـة. جريـدة الزمـان, ٢٠٠٢/٧/٣ http://www.azzaman.com/?p=٤٩٧٠٣
- سـلمان صالـح. ٢٠٠٤, حقـوق الصحفييـن فـى الوطـن العربـى, دار النـشر للجامعـات, مـصر.
- عبدالـرزاق محمـد الدليمـى. ٢٠١٢, الخـبر فـى وسـائل الاعـلام, دار المسـيرة للنـشر والطباعـة, عـمان.
- عبدالفتـاح الجبالـى. ٢٠٠٩, حريـة المعلومـات والشـفافية فـى مـصر, مركـز مشروعـات الدوليـة الخاصـة, القاهـرة.
- عبيـر مصلـح. ٢٠٠٧, النزاهـة الشـفاقية والمسـألة فـى المواجهـة الفسـاد, رام اللـه- فلسـطين.
- عثـمان ياسـين علـى.٢٠٠١, قوانيـن الصحافـة والنـشر فـى اقليـم كردسـتان والعـراق والـدول الربيـة, منشـورات مكتـب تبايـن, اربيـل.
- عـلاء لفتـه موسـى. ٢٠٠٩, العوامـل المؤثـرة علـى الحريـات الصحفيـة، رسـالة ماجسـتير, جامعـة الـدول العربيـة– معهـد البحـوث والدراسـات الاعلاميـة, القاهـرة.
- ليلـى عبدالمجيـد. ٢٠٠١, تشريعـات الصحافـة فـى الوطـن العربـى: الواقـع وافـاق المسـتقبل, العربـى للنـشر والتوزيـع, القاهـرة.
- محمـد فريـد عـزت. ٢٠٠٢, القامـوس الموسـوعى للمصطلحـات الاعلامية (انگليزى–عربـى) دار العربـى للنـشر, القاهرة.
- محمـود شريـف بسـيونى. ٢٠٠٣, الوثائـق الدوليـة المعنيـة بحقـوق الانسـان, دارشروق, القاهـرة.
- ممـدوح بحـرة, حمايـة الحيـاة الخاصـة في القانـون الجنـائي دراسـة مقارنـة, مكتبـة دار الثقافـة للنـشر والتوزيـع, عـمان- الاردن, ١٩٩٦.

- هربـرت سـترنز.٢٠٠١, المراسـل الصحفـى ومصـادر الاخبـار, ترجمـة/ سـميرة ابەسـيف, الـدار الدوليـة للنـشر والتوزيـع, القاهـرة.
- Tamanaha, Brian. "The Rule of Law for Everyone?", Current Legal Problems, vol. 55, via SSRN (2002)
- یاساکان:
١- یاسـی مافـی دەسـکەوتنی زانیـاری لـە هەرێمـی کوردسـتان – عێـراق، یاسـای ژمـارە ١١ سـاڵی ٢٠١٣
(The Right of Access to Information in the Kurdistan Region) لـە دانیشـتنی ژمـارە (٢٨)ی ڕۆژی ٢٠١٣/٦/٥ بـە حوکمـی برگـەی (١) لـە مـاددەی (٥٦)ی یاسـای ژمـارە (١)ی سـاڵی ١٩٩٢ی هەموارکرا,لـە پەرلەمانـی کوردسـتان (یاسـای مافـی دەسـکەوتنی زانیـاری لـە هەرێمـی کوردسـتان- عێـراق) دەرچـوو. یاسـاکە لـە (٢٢) مـاددە پێـک هاتـووە کـە بـە سـەر پێنـج بەشـدا دابەشـکراوە.
٢- وەقائعی هەرێمی کوردستان – عێراق.
٣- صبـاح صـادق الانبـاری / ٢٠١٠, دەسـتووری عێراق(٢٠٠٥,مـادەی -١١٧)، المکتبـة القانونیـة، بغـداد،ص٥٦
٤- الوقائع العراقية/ ٢٠٠٥.

**ملخص**

يهدف هذا البحث إلى التعرف على مدى تطبيق قانون حق الحصول على المعلومات رقم (١١) لسنة (٢٠١٣) ومدى تأثيره في حماية حقوق الصحفيين وخاصة (المراسلين) للحصول على المعلومات. يعتبر البحث من البحوث الوصفية وتم استخدام المنهج المسحي، يتمثل مجتمع البحث في جميع مراسلي المؤسسات الإعلامية في إقليم كوردستان
تتكون عينة البحث من ٧١ مراسلاً تم إرسال استمارة الاستبانة أليهم إلكترونياً بشكل عشوائي من خلال الرابط الاكتروني ,ومن أهم النتائج التي توصلت إليها البحث أن قانون الحق في الحصول على المعلومات رقم ١١ لسنة ٢٠١٣ لم يتم تطبيقه بشكل صحيح، مما منع الصحفيين من الوصول إلى المعلومات الهامة المتعلقة بالجمهور والمصلحة العامة.
الكلمات المفتاحية : [المراسل , قانون الحق الحصول على المعلومات، اقليم كردستان ].



## Abstract

The aim of this research is to investigate the implementation of the Right to Information Law No. (11) of (2013) and the practice of the law in the Kurdistan Regio and protect the rights of journalists, especially (reporters) in the implementation of this law. This research is a descriptive research and used a survey method. The population of this research includes all journalists of media institutions in the Kurdistan Region.
The most important findings of the study are that the Right to Information Act No. 11 of 2013 has not been properly implemented, which has prevented journalists from accessing important information related to the public and the public interest.

Key words: [reporters (correspondent),The right to information law, the Kurdistan Region].